The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# عامودا هێمایەك بۆ دڵڕەقی داگیرکەران , ڕۆژێك بۆ یەکخستنی نەتەوەی کورد

47 ساڵە لە بەرواری 13-11 ی هەموو ساڵێك , یادی کارەساتێکی جەرگبڕی دیکەی گەلەکەمان دەکرێتەوە , 5 ساڵیشە لە ناوەندی چاکەوە ,ساڵانە گوێبیستی یادکردنەوەی ئەمکارەساتە جەرگبڕە دەبن , کە لە جەرگەیدا زیاتر لە 250 زارۆکی کوردی شاری عامودا , لە ڕوداوێکی پڕ لە تەم و مژاوی گوماناویدا لە سینەمای ئەو شارەدا گیانیان لەدەست داو سوتان , پێشتر بە نەخشە 600 قوتابی مندالی شار بردرابوون بۆ هەمان سینەما , کەچی لە کاتی سوتانی سینەماکە ,دەسەلاتداران فریای ڕزگارکردنی مندالەکان نەکەوتن , لە بەرامبەردا کەسایەتی خۆشەویستی شارەکە , محەمەد سەعید ئاغا , بە هەولی خۆی 252 مندالی لەو 600 مندالەی لەناو سینەماکە بوون لە مەرگ ڕزگارکرد , تاکو ئێستاش خەلکی شار بەرێزەوە یادی ئەو کەڵە پیاوە لەگەڵ قوربانییەکانیان دەکەنەوە .

لەو زارۆکانەی لە کارەساتەکە ڕزگاریان بوو, ژمارەیەکی زۆر پسپۆر و کەسانی تێکۆشەریان تێدایە , هەموو مرۆڤی بەکەلکن بۆ گەلەکەیان , بێشك ئەوانەی گیانیان لەدەستدا , بمانایا هەمان پلە و پایەی کۆمەلایەتی و هەلوێستی نیشتمانیان دەبوو , بۆیە ڕژێم نەخشەی لەناودانیانی دارشت .

پارساڵ لە یادی 46 ساڵەی کارەساتی عامودا وتمان " یەکگرتووانە بەڕوی نەخشە چەپەڵەکانی داگیرکەران بوەستینەوە ، یەکگرتووانە تاوانکارانیان پەلکێشی دادگا نێودەوڵەتییەکان بکەین.

هەروەها پێویستە یەکگرتوانە لە هەموو پارچەکانی کوردستان پشتگیری لە داخوازە ڕەواکانی گەلەکەمان بکەین.

هەر بەم بۆنەیەوە ، بە بۆنەی سوتانی 250 زارۆکی کوردەوە ، داوا لە حکوومەتی کوردستان دەکەین ، بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتی و پشتگیری مادی و مەعنەوی لەو قوتابیانە بکەن ، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە بە تایبەت باشووری بچوکەوە ، بۆ درێژەدان خوێندن هاتوونە بۆ کوردستان ، بە خوێندن دەتوانیین شوێنەواری سیاسەتە شۆفینییەکانی داگیرکەران بسڕینەوە و نەخشەکانیان پوچەڵبکەینەوە.

لە یادی کارەساتی عامودا نەفرت لە تاوانکاران ، ئاواتە خوازی نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی یەکگرتوو هوشیارین. "

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ئەم کارەساتە دەکەینەوە , هێشتا نەتوانراوە پاش 47 ساڵ لە تاوانەکە , بەشێوەیەکی زانستی توێژینەوەیەك زانستی , لەسەر هۆکاری سوتانی سینەماکە و ئاماری تەواوی قوربانیان ئامادە بکرێت , جگە لە دیاریکردنی 125 ناوی قوربانیان , ئەوانی دی تاکو ئێستا نەناسراون

.

چاك لە دامەزراندنیەوە تاكو ئێستا , سالآنە یادی ئەم كارەساتەی كردۆتەوە , ڕۆژی 13-11 بە ڕۆژێكی گرنگ لە دیرۆكی كورد و ڕۆژمێری كۆمەڵكوژی كوردان لە بەرنامەی خۆیدا داناوە , سالآنەش بێ پچڕان ئەمكارەساتە یاددەكاتەوە .

مەخابن كێشەكانی گەلەكەمان بە تایبەت لەم كات و ساتە ئەوەندە مەزنن , هەڕەشەكان ئەودیو سنوور ئەوەندە مەترسیدارن , گەلەكەمان تەنانەت فریای یادكردنەوەی كارەساتەكانیشی ناكەوێت , دەسا ئەمساڵ لەبەرنامەماندا بوو لەگەڵ هەندێك كۆڕوكۆمەڵەی باشووری بچووك , بەشێوەی سەرانسەری لە ئاستی ناوخۆو دەرەوە یادی ئەم كارەساتە جەرگبڕە بكەینەوە .

پێویستە یادی 47 ساڵەی كارەساتی عامودا زیاتر هانمان بدات بۆ یەكریزی ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمان لە دژی نەخشە هاوبەشەكانی داگیركەرانی كوردستان .

نەفرەت لە تاوانبارانی سینەمای عامودا

**ناوەندی چاك**

2007-11-1

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

**تێبینی : جگە لەم ئیمەیل و ماڵپەڕە , هیچ ماڵپەڕو ئیمەیلێكی دیكەمان نییە بەناوی ناوەندی چاكیشەوە بێت .**